www.kurdistannet.org
12/07/2003 03:16

# چەند ووتەیەکی بڵاونەکراوەی زیندەیاد د. قاسملوو ١٩٣٠-١٩٨٩
# بۆ یەکەم جار لە کوردستانێتدا بڵاو دەکرێتەوە

**'گە ڵاڵە ، باشووری کوردستان، سەرەتای ساڵی ١٩٨٤، دەورەی کادیرەکان،**
**دەرسێک سەبارەت بە درووشمی بنەڕەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران'**
**لە یادی چواردەمین ساڵی تیرۆرکردنی د. قاسملوو**

**ئامادەکردنی: س. ماکوان**
makwan@ikurd. com



د. قاسملوو و نەسرین خانمی هاوسەری

**بەشی سێهەم: بۆبینینی بەشی یەکەم و دووەم کلیکی ئێرە بکە.**

. . . . کەوابوو بە کردەوە داوا کردنی ئیستقلال بۆ ئێمە لە شەرایەتی ئێستادا بۆ ماوەیەک ڕەنگە زۆر شوعارێکی-درووشمێکی-عەمەلی نەبێ. بێجگە لەوە کە عەمەلی نیە، زەرەریشی هەیە، زەرەرەکەی لە چی دایە؟ زەرەرەکەی ئەوەیە هەر کە ئێمە داوای ئیستقلالمان کرد مەسەلەن لە کوردستانی ئێران عەمەلەن و ئاشکرایە شەڕمان لە گەڵ دەکەن، ئەو هێزەمان نیە هیچ، ئەو هێزە ئێرانیانە، ئەو هێزە تورکانە و ئەو هێزە عێراقییانەش کە دیمۆکراتن و {ئێستا} هاوکاریمان لە گەڵ دەکەن، {ئەو دەم} ئەوانیش تازە بە زەحمەت هاوکاریمان لە گەڵ دەکەن یان لە دوارۆژدا ئیمکانی هەیە هاوکاریمان لە گەڵ ناکەن. دیارە بۆ خۆتان هێزێکی وەک موجاهیدین {دەناسن} کە خودموختاری پێ هەزم ناکرێ چ بگا بە ئەوە کە ئێمە داوای جودابوونەوە بکەین. لەو بارەشەوە بە تاقی تەنیا دەمێنینەوە لە نێوان ئەو چەند دەوڵەتەدا، ئەوە ئیمکانی نیە کە بتوانین شوعاری ئیستقلال تەحمیل بکەین بە سەر ئەو دەوڵەتانەدا. ئەوە لێکدانەوەی ئێمە بوو، کەوابوو گوتومانە، ئەمن وادەڵێم نەک بڵێم نەزەری حیزبی دیمۆکرات، دەڵێم نەسڵی ئێمە نەسڵی خودموختارییە، نەسڵی خودموختاری و دیمۆکراسییە. ڕەنگە نەسڵی دوارۆژ، نەسڵی داهاتوو نەسڵی سەربەخۆی و سۆسیالیزم بێ. بۆیە شوعاری ئەساسیمان دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە.

**فیدرالیزم:**

کەوابوو ئەگەر سەربەخۆی، ئیستقلالمان لە ئەو لە دانا، فیدرالیزم دەمێنێتەوە. باشە بە پێی ئەو ئیستیدلالانە کە کردمان ئێمە دەبێ زیاتر داوای فیدرالیزم بکەین. چونکە چەند میللەتی زۆرلێکراو لە ئێراندا هەیە، ئێمە بە تەنیا نین. بەلووجستان هەیە. تورکەمەنیش هەیە. ئازەربایجانیش هەیە. عەرەبیش هەیە. ئەی بۆ ئیدی داوای خودموختاری دەکەین؟ دیسان دەگەڕێینەوە سەر ئەوە کە ئێمە لە حاڵەتێکی کەمێک دوولایی یان بڵێین دوو جانبی قەرارمان گرتووە. ئەگەر بێین داوای فیدرالیزم بکەین، هەموو پێمان دەڵێن ئەوە بۆ

www.kurdistannet.org
12/07/2003 03:16

داوای فیدرالیزم دەکەن خۆ ئێوە نوێنەری هەموو گەلانی ئێران نین، هەرچی بێ ئێوە حیزبێکی ناوچەیین، حیزبی سەرانسەری ئێران نین؟ پێمان دەڵێن حیزبی ناوچەیی تۆ هەر دەتوانی داوای خودموختاری بکەی؟ ئەگەر داوای خودموختاری هەر بۆ خۆت دەکەی جاری واش هەیە خەڵکی دیکە پێمان دەڵێن ئەوە بۆ داوای خودموختاری بۆ خەڵکی دیکە ناکەن؟ دیارە ئێمە لایەنگری خودموختاری بۆ هەموو گەلانی ئێرانین. زیاتر لە ئەوە پێمانوایە شێوەی عەمەلی {حەلی} مەسەلەی میللی لە ئێراندا شێوەی فیدرالیزمە، چونکە چەند میللەتێکی دیکەش هەن. باسی تەزمینی دیمۆکراسیمان کرد بۆ خودموختاری. . . . ئەگەر دیمۆکراسی بە تەواوی لە ئێراندا جێگر بێ مانای ئەویە خەڵکانی دیکەش خودموختاری خۆیان وەرگرتووە. ئەگەر ئەوان حەقی خۆیان وەربگرن ئەویش بۆ خۆی تەزمینێکە بۆ حەقی ئێمە. تازە دەوڵەتی مەرکەزی ئێران بە ئاسانی ناتوانێ. . . تورکەمەن و بەلووج و نازانم عەرەب و ئازەربایجانی و هی دیکە کۆ بکاتەوەو لە کوردستاندا شەڕمان لە گەڵ بکا. ئەگەر دیمۆکراسی هەبێ ئەوە ئەوانیش حەقی خۆیان وەرگرتووە. . . کەوابوو ئێمە لایەنگری گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانین. بەڵام ئێمە وەکیلی ئەوان نین، ئێمە ناتوانین خودموختاریان بۆ وەربگرین. ئازەربایجانی دەبێ بۆ خۆی بجووڵێتەوە. عەرەب دەبێ بۆ خۆی بجووڵێتەوەو تورکەمەن هەروا.

جاران لە تاریخی ئێراندا لە سەرەتای قەڕنی بیستەمدا لە واقێعدا ئازەربایجان بوو کە پێشڕەوی جووڵانەوە بوو لە ئێراندا. ئێستا کوردستانە. . . و بۆ خۆمان دەزانین. بە پێی وەزعی تاریخی، بوونی حیزبی دیمۆکرات، وریایی خەڵک و بە ئیستلاح وشیاری نەتەوەیی، ئەوانە هەمووی بوونە هۆی ئەوە کە ئێستا کوردستان ئاگاهی زیاترە و پێشڕەوترە لە ئازەربایجان. بەڵام باشە ئێمە ناتوانین ببین بە وەکیلی خەڵکی دیکە کە بابە ئێوە داوای خودموختاری {بۆ ئێمەش} بکەن. بەڵام مەوافیقی فیدرالیزمین. هەموو وەختێک مەوافیقین. ئەگەر میللەتێکی دیکە لەو میللەتانە دەستپێبکەن. ئەوەی ئێستا لە هەمووان ئیمکاناتی زۆرترە بەلووجن. با بەلووج دەستپێبکەن بە داواکردنی حەقی خودموختاری خۆیان.

جارێک کە کونفرانسی گەلانی ئێران پێکهات دوو سێ مانگ پاش شۆڕش لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ {هەتاوی} ١٩٧٩} ئێمە لە ئەوێ فیدرالیزمان پێشنیار کرد و مەوافیقی بووین. قەرار بوو کۆنگرەیەک لە ڕۆژی ٣ شەهریوەر —خەرمانان– لە مەهاباد پێکبێ وەک کۆنگرەی هەموو گەلانی ئێران. بۆ خۆتان دەزانن ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژ شەڕەکە ساز بوو، خومەینی دەستووری جیهادی دا، ئیدی کۆنگرە عەمەلەن پێکنەهات. دەنا هەر ئەو وەختەش نەزەرمان ئەوە بوو کە فیدرالیزم دەبێ لە ئێران هەبێ. یانێ ئێران دەبێتە جمهوورییەکی فیدرالیزم. یەک جمهووری مەرکەزی و لە پاشان جمهووری عەرەبستان هەیە، جمهووری کوردستان هەیە و جمهووری ئازەربایجان هەیە. کە ئەوانە وەکوو جمهوورییەکانی شورەوی بۆ خۆیان جمهووریان هەیە و حەقی دانانی چارەنووسیان بە شێوەی فیدرالییە. یانێ پێنج دەوڵەتی جمهووری هەیە. کەوابوو ئێمە لایەنگری فیدرالیزمین.

بەڵام ئێمە حیزبێکی ناوجەیین ناتوانین ببین بە وەکیلی گەلانی دیکە ئێران. وەک ئێرانییەک حەقی خۆمانە چونکە ئێمە ئێرانین. ئێرانیش حەقی دەربڕینی نەزەری هەیە. هەربۆیە. . . هەموو وەختێک نوێنەرانی ئەو گەلە زۆرلێکراوانە داوای یارمەتییان لە ئێمە کردبێ درێخمان نەکردووە. ئێمە هەموو وەختێک ئامادەیی خۆمان نیشان داوە. ئەوەندەی ئیمکاناتمان هەبووە، یارمەتییان ویستووە یارمەتیمان داون چ سیاسی بێ و چ یارمەتی دیکە بێ. لە ئەسڵی مەسەلەکەش دیفاعمان کردووە کارمان بە ئەوەوە نیە کە مەسەلەن فیرقەی دیمۆکرات پێکهاتبێ لە ئازەربایجان باش بێ یان خراب بێ. ئێمە دیفاع لە فرقەی ئازەربایجان کە نازانین چییە ناکەین. بەڵام ئێمە دیفاع لە حەقی خودموختاری خەڵکی ئازەربایجان و هی دیکە دەکەین. هەربۆیە هەموو وەختێک ئێمە ئیستلاحی گەلانی ئێران بە کاردەهێنین و. . . ئیستلاحی میللەتی ئێران. . . بەکار ناهێنین. ئێمە ئەو ئیستلاحە {میللەتی ئێران} بە ئیستلاحێکی درووستی نازانین چونکە ئێران لە یەک میللەت پێکنەهاتووە و لە چەند میللەت پێکهاتووە. کەوابوو ئێمە فیدرالیزمیشمان قەبووڵە بەڵام چونکە جارێ کەسی دیکە لە مەیداندا نیەو ئێمە بە تاقی تەنیاین و ئێمەش داوای حەقی خۆمان دەکەین. داوای خودموختاری دەکەین. کەوابوو گەڕاینەوە سەر خودموختاری. جا با بزانی خودموختاری چییە؟ و چۆن دەتوانین جێبەجێی بکەین؟

**خودموختاری:**

سەربەخۆیی ئیشکالەکانمان باس کرد. فیدرالیزم کە گوتمان مەوافقین بەڵام ئیشکالەکە ئێمە نین، لە مەیدان نەبوونی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی دیکەیە. دەمێنێتەوە خودموختاری، شێوەی دانانی مافی چارەنووسی ئێمە خودموختارییە. . . . ئەو حەقەمان هەیە کە دانانی مافی چارەنووسی خۆمان بە شێوەی خودموختاری دیاری بکەین و دایبمەرزێنین. داواکردنی خودموختاری دیارە مانای

ئەوەیە کە ئێمە لە پێشدا لە گەڵ دەوڵەتی ئێران تەرەف دەبین. ئێمە بێجگە لە گەڵ دەوڵەتی ئێران نەبێ لە گەڵ هیچ دەوڵەتێ شەڕ ناکەین، نە لە گەڵ تورکیە شەڕ دەکەین، نە لە گەڵ عێراق شەڕ دەکەین. ئەگەر ئەوان شەڕمان لە گەڵ بکەن مەجبوور بووین ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام ئێمە بۆ خۆشمان پێمان ناکرێ و پێشمان خۆش نیە. چونکە ئێمە ئێرانین و دەمانهەوێ لە ئێران خودموختاری وەربگرین. کە گوتمان خودموختاری مانای ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئێراندا داواکانمان جێبەجێ دەکەین. داوای جیا بوونەوە ناکەین، هیچ داوایەکمان نیە خاریج لە چوارچێوەی ئێران نەبێ. لە چوارچێوەی سنووری ئێرانیشدا نابێ هیچ داوایەکی وا مەترەح بکەین کە بۆنی ئەوەی لێ بێ کە ئێمە دەمانهەوێ لە ئێران جیا ببینەوە. کە خودموختاری داوا دەکەین، ئیدی داوای شتی دیکە ناکەین.

چونکە لەو موزاکرانەدا —وتووێژ—. . . ئێمە تەجروبەمان وەک حیزبی دیمۆکرات هەیە. هەر چەندە تەجروبەمان لە زۆر حیزبی دیکە زیاتر بوو. بەڵام دیسانەکە دوو خەتەر هەبوو بۆ ئێمە: یەکێکیان هێندێک برادەران داوای وایان دەهێنا و بە تایبەتی ئەو وەختە کە لە هەیئەتی نمایندەگی خەڵکی کوردا بووین. کۆمەڵە و فیدایی شتی وایان مەترەح دەکرد کە بەڕاستی لە هیچ حکوومەتێکی خودموختاردا نیە، لە موقابیلی ئەوەدا هێندێک شتی دیکەش هەبوو کە بەعزە کەسانێک کە بە گرووهی حەوت کەسی مەشهوور بوون، ڕۆیشتن و حیزبیان بە جێهێشت، ئەوانیش مەسەلەیان وا لێکرد کە لە واقیعدا لە خودموختاری شتێک نەما. ئەوەی کە هێنا بوویان بە نێوی خودگەردانی بەئیستلاح ئێمە قەبووڵی بکەین، ئەوە هیچ شتێکی لە خودموختاری نەدەهێشتەوە، هیچ ئەسەرێکی لە خودموختاری نەدەهێشتەوە، ئەساسی خودموختاری لە بەین دەچوو. کەوابوو هەم دەبێ خودموختاریمان بوێ و هەم دەبێ تەنیا خودموختاریمان بوێ نە زیاتر. بۆیە ئێمە لەو شەش مانگەدا کە لە گەڵ جمهووری ئیسلامی وتووێژمان هەبوو، کۆشش و تەقەلامان ئەوە بوو کە داوای شتێک نەکەین کە پێمان بڵێن ئەوە خاریجە لە چوارچێوەی ئێران. شتی ئاواشمان داوا نەدەکرد کە میللەتی کورد ئەو هەموو موبارێزەیەی —خەبات— کردووە، پێمان بڵێ بابە ئەوە

هیچ نیە.

دیارە ئەمە ئەو مەسەلەیە کە بە ئیستلاحی سیاسی پێیدەڵێن زایدە. ئەو زایدە کە کۆمەڵە و ڕێکخراوی دیکە دەیکا، یانێ غەیرە مەسئوولانە دەجووڵێتەوە. مەسەلەن ئێستا ئێمە هەر شتێکی داوا بکەین، ئەو بۆ ئەوەی حەتا جێبەجێش نەبێ، داوای شتی زیاتر دەکا، بۆ ئەوە بڵێن لە حیزبی دیمۆکرات زیاتر داوا دەکا بە بێ ئەوەی بۆی جێبەجێ ببێ، لە واقیعدا بۆی جێبەجێ نابێ. ئێستا مەسەلەن بەرنامەی خودموختاری ئێمە هەیە، کۆمەڵە هاتووەو لە واقیعدا ئەو بەرنامەیەی کۆپیە کردووە، نوسخەی لێهەڵگرتووە، مەسەلەن ووشەی ئینقلابی—شۆڕشگێری— لە پشتەوەی داناوە، خودموختاری ئینقلابی دەوێ. یان مەسەلەن فلان شتی ئینقلابی دەوێ، شتێکی لێ زیاد کردووە تەنیا بۆ ئەوە کە چونکە خۆی بە بەئیستلاح پێشرەو دەزانێ، بۆ ئەوەی ئیسپات بکا کە بەڵێ لە حیزبی دیمۆکرات پێشرەوترە. شتی غەیرە واقیعی داوا دەکا. یان قەولی شتی غەیرە واقیعی دەدا بە خەڵکی. . . . . بەڵام ئێمە واقێعبینین و ئەوەی کە دەڵێین وەک حیزبێکی سیاسی جێبەجێی دەکەین. هەر ئەوە نیە کە ئێستا بیڵێین کە سبەی خودموختاریمان وەرگرت ئیدی جوابی خەڵک نەدەینەوە یان قەولی وا بە خەڵکی بدەین، ئەو وەختە بۆمان جێبەجێ نەکرێ. حیزبی سیاسی و مەسئول کاری وا ناکا. کەوابوو خودموختاری بۆ ئێمە چەند ئەسڵی گرنگی تێدایە:

زۆر جار گوتومانە بەڵام خراپ نیە تیکراری —دووپات— بکەینەوە وەک لە پێشدا باسمان کرد، شتێکمان دەوێ وەربیگرین کە خەڵکی کوردستان ئێحساس بەوە بکا کە بۆ خۆی حاکمی چارەنووسی خۆیەتی. ئەوە لە هەموو شتێک گرنگترە. جا ئەوە بە چی جێبەجێ دەبێ؟ بە چەند شت: یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزی و سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختار جودا بکەینەوە. چی لە سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختاردا هەیە؟ چی لە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزیدا هەیە؟ ئێمە دەڵێین بێجگە لە مەسەلەی ئەرتەش، مەسەلەی ڕەوابیتی، پێوەندییەکانی دەرەوە، مەسەلەی دانانی پرۆژە یان بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری کە خەرجێکی مەعموولەن زۆری دەوێ و سیستەمی بانکی و پوڵی، بیجگە لەوانە نەزەرمان ئەوەیە کە هەموو سەلاحیەتێکی دیکە بدرێ بە ئۆرگانەکانی خودموختار. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . **درێژەی هەیە**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت